# قاپوتی سەوزی بەری جەلاد

عومەر کەریم بەرزنجی



هەستەو بەدەم وەنەوزەوە
پەنجەرەیەك ئاوەڵاكە
گوێ لە ئاوازو نەغمەی
ئەو بولبولانە ڕادێرە
بەیانیان بەدەم بۆنی نەسیم و
ڕەونەقی شەونمەوە
چیرۆكی پشكوتنی گوڵێك ئەزبەردەكەن
نیوەڕوان رۆندكی یادێك
رۆمانی دۆزەخی ئەو گوڵانە دەنووسێتەوە
لە ژێر سایەی شمشێری تەیموردا
لە وەنەوزی ئەو شمشێر بازە دەڕوانێ.
خوێن دەفتەری زاكیرەی ئاو دەدا
خوێن گوڵە هەڵوەریوەكان یاداشتەكات
ئێوارەیەو بایەك گەمە بە پرچی خۆرهەتاو دەكا

# # #

دەرگاكان دادەخرێن
دەرگاكان دەبن بەتابووت
نەقاشێ بەدەم كێشانی كەڤاڵی خوێنەوە
فڵچەكەی لە خوێنم وەردەدا
فڵچەكەی بۆنی باروتی لێدێ و
دەستی بۆنی شەهوەت
دەرگاكان دەكرێنەوە
لەنێو ئەو كەڤاڵی خوێنەدا
مریەم بەخاچێكەوە دێتەدەر
راڤەی خەونی ئەو كچە موراهیقانە دەكات
لە وێنەی ئەو گوڵە سووتاوانە ڕادەمێنێ
لەزەت شمشێرێك بوو
پێغەمبەرەكانی ئومێدی كردە خوێن
عیشق جەلادێك بوو
ژوانەكانی كردبەگۆڕستان

# # #

بایەك دێو
قاپووتی سەوزی بەری درەختەكان توڕدەدات
زێوانێك بەدیار تابووتەكانەوە:
هەڵدەكورمێ
مەسیح بە پشتی كۆم و گۆچانێكەوە دێو
راڤەی پاكیزەیی ئەو مریەمانە دەكات:
ئەو مریەمانەی, بەدەم هەڵكردنی مۆمێكەوە
خەنجەرێك:
خەونەكانی خۆشبەختی ئاوێزانی خوێن دەكاو
شەربەكانی ئومێد....
پڕدەكات لە دوكەڵ